# مێژوی ساختە

عومەر سەیدە / نەرویج
sayda@live.no



**هەڵوەستەیەک لەسەر وتاری(لەنێوان"شاهید"و "نووسەر"دا)ی بەختیار عەلی**

جیاوازییەکی باو هەیە، لە نێوان وشەی مێژوو کە گوزارشتە لە رێڕەوی شارستانیانەی مرۆڤ لەسەر هەسارەی زەوی لە ئەزەلەوەو، دەستەواژەی تۆمارکردنی مێژوو کە گوزارشتە لە کرداری فکریی بوونیادگەریی کە هەوڵ دەدات بۆ دووبارە تۆمارکردن و بونیادنان و تەفسیرکردنی مرۆڤ لەسەر هەسارەکەی، دوالیزمی بەکارهێنانی دەستەواژەی مێژوو لەنێوان ناوەڕۆکی بابەتە مێژوویەکەو شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە مێژووییەکەدا، وای کردوە کە تێکەڵکردنێک هەبێت لە تێگەیشتنیدا.

بەڵام کاتێک زانیاری یاخود بابەتێکی تایبەت بە مێژووی ڕووداوێکی دیاریکراو دەنووسرێت و لەگەڵ سەردەم و دراوی هاوکێشەی ڕووداوەکەو بۆچوونە باوەکانی ئەو ڕووداوەدا یەکناگرێتەوە، ئەوە بە مێژووی ساختە دادەنرێت.

**سۆران مامە حەمە لە وتاری(کوشتنی عەبدولستار شەریف، واتە: کوشتنی رابردوو) دەڵێت1 :**

**با پرسیار لە خۆمان بکەین، چی روو دەدات ئەگەر رابردوو لەبیر بکەین؟ چی روو دەدات ئەگەر"ئێستا"مان "رابردوو"بکوژێت؟ ئەزانن چی روو دەدات؟ ئەو کاتە ئێمە دەبێت بنووسین بژی"ناعەدالەتی و گەندەڵی و نائاکارییەکانی کۆمەڵگە"، دەبێت هەمووومان داهاتوویش لەبیر بکەین، چونکە ئێستای ئێمە رابردوویەکە بۆ نەوەکانی دوای ئێمە"**

تەوژمێکی نووسینی کرچ و کاڵ کە هەر یەکەو لە ئاوازێک دەخوێنن، خۆیان لێ دەبێت بە نووسەرو رۆشنبیرو مێژونوس، روداوەکانی مێژوو ئاوەژوو دەکەنەوە، بەهۆی زۆری نابابەتی بەناو نوسینی بەناو نوسەران، شوێن بۆ نوسینی جدی و نوسەران نەماوەتەوە، هەرچیان ووت من نوسینێکیشم نەکرد بۆ بەرچەردانەوە یاخود وەڵامدانەوە، تەنانەت نەبوونە مایەی هەڵوەستەکردنیش، چونکە رونە ئەگەر نوسین ئامانجی سەرەکی خۆی نەپێکا، دەبێت بزانین کە ئاگایی لەپشتی ئەو نوسینانەوە ئامادە نیە، بەڵام کاتێک نوسەرێکی بەرچاوی وەکو( بەختیار عەلی (لە وتاری(لەنێوان"شاهید"و "نوسەر"دا) باس لەمێژوو دەکات و گرنگی تۆمارکردن لە زاری شاهیدی سەردەمەکانەوە وەکو کارێکی گرنگ دەگێڕێتەوە، لەهەمان کاتیشدا دەڵێت":**لەم سێ ساڵەی دوایدا دوو تاوانی زۆر گەورە سەراپای کۆمەڵگای کوردیان هەژاند ... یەکێکیان**

**تاوانی کوشتنی دوعاو ئەویدیان تاوانی کوشتنی سەردەشت بوو .. هەردوو تاوانەکە لەناشیرینی و وەحشییەتیاندا بێوێنەن** "، بەهۆی ئەم نوسینەی نوسەرەوە بۆ خەڵکی سەردەمانێکی دیکە دەبێتە فاکتێک و مێژوویەک کە لەو دوو رواداوە گەورەترو ناشیرینترو وەحشیانەتر روینەداوە، دەبێت هەڵوەستەیەک بکەین، چونکە روداوی دیکە رویان داوەو نوسەر فەرامۆشیکردون و کەوتوەتە هەڵەی مێژوییەوە، ئەو روداوانەی کە بە خاڵی مێژویی دادەنرێن، بەڵام بەهۆی نوسینی هەندێک نوسەر، کە لەنێویاندا(بەختیار عەلی) هەمیە دەیانەوێت بەو شێوەیە وێنای مێژوو بکەن کە دەیانەوێت، ئەوەتا(بەختیار عەلی) دەڵێت":**مەسەلەی سەردەشت ساتی بەریەککەوتنی گەورەی دەسەڵاتی نوسەرو سیاسییە لەمێژووی ئێمەدا** "لەکاتێکدا(سۆران مامە حەمە) ئەو وەزیفەیەی جێبەجێ کردوە، کەچی(بەختیار) دێت و چرکەساتی مێژویی بە تەونی خەیاڵی خۆی دەتەنێت، بەڵام هەر وەکو لە وتارەکەی خۆیدا هاتووە":**لەنێوان نوسەرێکی کوژراوو نوسینێکدا کە چیرۆکی کوشتن و نوسەرانێکدا کەبەرگری لەکوژراوو دەقەکەی دەکەن، قسەکەران و شاهیدانێک کەهێزی نوسینیان نییە جێگای ئەوتۆ داگیرناکەن و شوێنیانک نابێتەوە**"، کەوابێت ئەگەر "نوسەر" خۆی چیرۆکی کوشتنی خۆی بەر لەکوشتنی تۆمار کردبوو ببوو بە"شاهید"، واتا ساتە مێژووەکەیش تۆمار دەکات، کەوابوو کاک(بەختیار عەلی) دەبێت لەگێڕانەوەی مێژوو بە ئینساف بێت، یاخود ووردتر بێت، چونکە زەمەنی روداوەکان لە دوو کاتی جیاواز، لە دوو ساڵی جیاواز روو دەدەن(سۆران مامە حەمە) لە(2008) و (سەردەشت عوسمان لە(2010(، روداوەکان لێکچونیان بەرێژەیەکی بەرچاوەو هەموو کۆکن لەو بارەیەوە، ئەوەی کە بوەتە مایەی ئەوەی کە(بەختیار عەلی) مێژومان لێ ئاوەژوو بکات، کەمتەرخەمی یاخود فەرامۆشییە.

کارەساتی کوشتنی(دوعا) لەکەیسی کوشتنی ژناندا لەسەر شەرف، دەکرێت وەکو دیارترین و هەمەجیترین کارەسات وێنای بکەین، چونکە ئامادەیی حەشامەتێک خەڵکی تینوو بە خوێنی کچێک بۆ ئەوەی هەموو بەشداری لەپرۆسەی هەلا هەلاکردنیدا بکەن، جگە لە خۆشەویستی کە جوانترین خەسڵەتی مرۆڤە لەسەر ئەم هەسارەیە، تاوانێکی دیکەی نەبوو، لەوپەڕی جەهالەت و هەمەجییەتەوە سەرچاوە دەگرێت، ناسنامەی عەقڵییەتی سواوی کۆنەپەرستانەی ئەو حەشامەتەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا رێژەی کوشتنی ژنان لە هەمان کەیسدا داتایەکی ترسناکمان دەخاتە بەردەم، بەر لە(دوعا) رویان داوەو و پاش (دوعا)یش دوبارە دەبنەوە، زۆر دڵڕەقانە ژنان و کچان بەبیانوی پاراستنی شەرەف دەکوژرێن لە کوردستاندا، بەڵام روداوی(دوعا) هەر لە سپاردنەوەی بە دەستی ئەو هێزە هەمەجییە خوێنخواهە، تاوەکو کرداری بەفلمکردنی، کە ئامادەگی کامێرا لەبری هەموو کەسێک قسەکانی کرد، زۆر بەدڵنیاییەوە من شتێکم نەبوو بیڵێم، چونکە کارەساتێک کە بەدۆکیومێنتی زیندووەوە دێتە بەرچاومان، دەبێت چیمان هەبێت ئیزافە بێت بۆ باسکردن لەو کارەساتە، ئەو روداوە هەموو نوسینەکان لەئاستیدا کورتەباڵا بوون، دەکرێت بڵێین بەپێی هەموو پێوەرەکان کرا بە ئامانجی سیاسی و زۆر گرەوی سیاسییانەی پێوە کرا.

بەڵام روداوێکی زۆر گرنگ، )بەختیار عەلی) لەبیری دەکات کە لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی دواییدا روو دەدات، کە دەکرێت بە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە تەرزنیگای توێژی نوسەرو رۆشنبیرانی کورد هەژمار بکرێت، لە هەمبەر دەسەڵاتی سیاسی کورد لە باشوری کوردستان، ئەویش تیرۆرکردنی نوسەرو رۆژنامەنوس(سۆران مامە حەمە)یە کە بە یەقینەوە زۆربەی نوسەران و ناوەندە جیهانییەکانیشی وروژاند، بەڵکو تەنانەت وەکو یەکەمین شەهیدی قەڵەم ناوزەد کرا، لە کاتێکدا(سەردەشت عوسمان)ی جوانەمەرگ خۆی بەوە دەزانێت کە دوای(سۆران مامە حەمە) نۆرەی دێت، ئەوەتا لە وتاری(وا من رۆیشتم)ی(سەردەشت) هاتووەو

دەڵێت":نۆرەتان دێت چۆن من دوای سۆران نۆرەم هات"، کەچی روداوی تیرۆرکردنی(سەردەشت عوسمان) وا لە خەیاڵ و روئیای زۆرێک لەو خەڵکانە دەکات کە حەشاماتێک نووسینی پەرچەکرداریيانە دەنوسن، لە پەراوێزیشدا باسی (سۆران مامە حەمە) نەکەن، بۆ نمونە لەم وتارەی (بەختیار عەلی)، گەرچی تیرۆری(سۆران)و (سەردەشت) لەیەکچوونێکی تەواو هەیە لەنێوانیاندا، بەڵام ناکرێت روداوی(سەردەشت) بە شتێکی سەرسوڕهێنەر تەماشا بکەین، لە کاتێکدا بۆ هەموو لایەک رونە کە تیرۆرکردنی(سۆران مامە حەمە ( سەرەتایەک و زەنگێک بوو بۆ هەموو نوسەران، بەڵام تاکی کوردی فێری ئەوە نیە بۆ برینەکانی بیر لەسارێژ بکاتەوە، تەنها فێری هاوارو پەلەقاژێیە، بە دەردی بە قوربانی کردنی مرۆڤیش قوربانی کۆنەیان ناوێت، دیارە لەهزریاندا خوێنی کۆن شیوەنی ناوێت، بۆیە هەمیشە بۆ خوێنی تازە دەگەڕێن تا شیوەنی گەرم بکەن، خۆ کەس وەڵامی پرسیارەکانی نەدایەوە لە کەیسی(سۆران) بۆ لەبیر بکرێت، مەگەر جاروبارو لەپەروێزێکدا باسی بکەن .

لە وتاری(کوشتنی عەبدولستار شەریف واتا کوشتنی رابردوو)ی نوسەرو رۆژنامەنوسی قوربانی(سۆران مامە حەمە) دەڵێت":کوشتنی عەبدولستار شەریف

زەنگێک بوو بۆ ئەوەی ئێمە رابردوو لەبیر بکەین، ئێمە نابێت ئیدی راستییە تاڵەکان وەک خۆیان ببیستین، نابێت وا بیر بکەینەوە کە سەرکردەکانمان خەوشێکیان هەبووە، هەموویان پیاوی چاک و پاک و بێهەڵەبوون"

، بۆ ئەوەی لە خەوی بێ ئاگایی وەخەبەربێین و بزانن کە سیستمی حوکمڕانی و کۆمەڵایەتی وڵات لەو شوێنەی وەڵامی پێ نیە بۆ نوسەر، بە چەک وەڵام دەداتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی روداوی تیرۆرکردنی(سۆران) هێزێک نەبوو خەڵک بڕژێنێتە سەرشەقام، نوسەران و ئەو تەوژمەی بۆ(سەردەشت) رژانە سەرشەقام بێدەنگەیان لێکردو تائێستا کەیسی(سۆران) وەکو خۆی ماوەتەوە، لەو دەمەدا پێدەچوو وڵات نەزانن دەربڕینی نارەزایی چیە، بەڵکو هەر زوو(بێدەنگ بوون)، هەرچەندە کۆمەڵێک لە نوسەران بانگەشەی ئەوەیان کرد کە بێدەنگی لە تیرۆری(سۆران مامە حەمە) تیرۆری دیکەی بەدوادا دێت، داوایان کرد کە فشاری زیاتر ببەن بۆ دەسەڵات تاوەکو ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بدرێنە دادگا، بەڵام دواجار کەیسەکە کەیسێکی مەدەنی بوو، وەکو ئەوەی(سەردەشت) نەکرا بە کەیسێکی سیاسی، مەبەست لە کەیسی سیاسی ئەوەیە کە نارەزاییەتییەکان بارگاوی بوو بە دەنگی لایەنی سیاسی، هیچ لایەنێکی سیاسییش ئامادە نیە لە وەها روداوێکدا دەنگ هەڵبرێت ئەگەر بەرژەوەندی خۆی تیادا نەبێت، ئەگەرنا ئەوانەی بۆ(سەردەشت) رژانە سەرشەقام و رۆیشتن بۆ بەغدا بەسەر کەرکوکدا تێپەڕین، لە کەیسی(سۆران مامە حەمە) بۆ نیوەی ئەم دەنگەی ئێستا نەبوون؟ !!بۆ(بێدەنگ بوون)، خۆ ناکرێت بڵێن ئەوکات هۆشیاریی نەبوو، ئەو کات ئەمانە رۆشنبیرو رۆژنامەنوس نەبوون، ئامادە نەبوون تەنانەت بۆ پرسەکەی سۆران بێن ، بە واتایەکی دیکە دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەو وتەیەی کە دەڵێت:"مێژوو دەسەڵاتە براوەکان دەینوسنەوە"، ئەگەرنا کاتێک ئێمە باس لەمێژوو دەکەین دەبێت بابەتی مێژویی بناسینەوەو بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ بابەتە مێژوییەکاندا دەکەین، من بۆ خۆم هیچ وتارێکم لەسەر کەیسی(سەردەشت عوسمان) و )سۆران مامە حەمە) نەنوسی کە گوایە بابەتێکە دەبێت من قسەم هەبێت تا خەڵک بزانێت چی روویداوە، نەخێر ئەوان خۆیان(سۆران و سەردەشت) لە هەموو کەس باشتر ئەو تراژیدیایەیان تۆمار کرد بەر لەوەی تیرۆر بکرێن، هەروەها رێک ئەو بۆچونەم هەبو کە(بەختیار عەلی) دەڵێت":هەموو ئەو هەزاران تێکستەی دواتر دەنوسرێن تەنیا لەپەراوێزی تێکستە بچوکەکانی سەردەشتدا لە دایکدەبن"، یانی هەرچی لەدوای کۆتا

وتاری(سەردەشت)ەوە نوسران، سەرجەمی وتارەکان لەکەیسی(سەردەشت) زیادە نوسین بوون، چونکە ئەو خۆی چیرۆکەکەی نوسیبویەوە بەر لەمردنی خۆی، بەهەمان شێوە تاوەکو ئێستا کەسانێک هەن جاروبار ناوی(سۆران مامە حەمە) دەهێنن، هەڵە لە وتنی ناوەکیشیدا دەکەن، بەزۆری دەڵێن:(سۆرانی مامە حەمە) کە ئەو پیتی(ی)زیادەیە، هەندێک جار دەبێتە(سۆران مامە) و هەندێک جار(سۆران حەمە (ئیدی چۆن لەگەڵ ئاوازی نووسینە کرچەکانیاندا بێتەوە ئاوهای دەنووسن، هیچ ڕێزێک بۆ مێژوی ئەو نوسەرە گەنجەو تەدوینی وردی مێژوییانە دانانێن .
لە بابەت تۆمارکردنی چیرۆکی کوشتنەکەیدا، دەتوانین بە ئاسانی بەهەمان شێوە لای(سۆران مامە حەمە) بەر لە(سەردەشت عوسمان) جگە لەوەی یەکێک لەتێکستە شیعرییەکانیدا، لە کتێبی(وەرزی بێتاقەتی) کە لە پاش تیرۆرکردنی بڵا بویەوە، هەروەها لەو وتارەی باس لە تیرۆرکردنی(عەبدولستار تاهیر شەریف) دەکات، ئەو چیرۆکە ببینین کە (سۆران) دەڵێت":**ئەوە روونە کە کوشتنی من ئاسانەو زۆری پێناوێت و تێناچێت** "هەروەها لە بەشێکی دیکەدا دەڵێت":**ئێمە لێرەوە دەبێت وا بیربکەینەوە رامان لەمێژوو، رامانە لە شتە حەرامکراوەکان و قسەکردن لەتابۆکان**"، هەروەها دەڵێت":**داهاتوویەکی تاریک، وەکو بیرکردنەوەکانی ئەوان چاوەڕوانی رۆژنامەگەریی و دونیای میدیاو ئازادی وتنە، رەنگە لەو تاریکییەدا خۆمان لێوون ببێت و لەپاساریێکدا بە فیشەکێک نوزەمان لەبەر ببرن.**
**لە هەر شوێنێکدا کوشتن و ئازاردانی نووسەران و دەمکوتکردنی بیروڕا جیاوازەکان هەبێت، ئەوە مانای وایە گفتوگۆو ئاخاوتنی ئازادانە قسەیەکی پوچەو جێگای هیچ ناگرێت** "دواتر زۆر بەروونی(سۆران) ی"شاهید" و "نووسەر" باس لەوە دەکات دەبێت ئاراستەی کار بگۆڕین ئەگەر ئامانج گۆڕانکاریی بێت، چونکە(سۆران) کە مێژووی هەڕەشەی مەرگی خۆی دەنووسێتەوەو لەو نێوەندەدا کەس نیە ببێتە پشت و پەنای، باوەڕی دەگۆڕێت، پێی وایە ئیدی نووسین وەزیفەی خۆی جێبەجێ ناکات، هەروایش بوو، چونکە کەس نەبوو بە دەنگی(سۆران) و(سەردەشت)ەوە بچێت و لەدەستی دێوەزمەی مەرگ رزگاریان بکات، لەکاتێکدا هەواڵی هەڕەشەکردن لێیان بەچەند مانگێک بەر لەتیرۆرکردنیان بڵاو دەکەنەوە، کەچی هەموو تەماشا دەکەن تا کارەسات و تراژیدیاکە روو بدات و دواتر هەندێک وشەی ساردو سڕ بنووسن، بۆ بەرگری لەو قوربانیانە کە خوێنی خۆیان کردە کاسەوە تاوەکو بتوانن ئازادی فەراهەم بکەن بۆ نەوەکانی دوای خۆیان.
بەڵام لێرەدا ئەوەی وای لە من کرد ئەم بابەتە بنووسم، ئەوەیە کە تاکی کورد بە نووسەرو رۆژنامەنووس و بلیمەتیشییەوە، هەمیشە لەگەڵ رووداوەکاندا لەشێوەی پەرچەکردار مامەڵە دەکەن و رابردوو لە بیر دەکەن، ستراتیژ نیە لە کارو کردەوەیاندا، ئەوەتا(بەختیار عەلی) گەورە نووسەر(سۆران مامە حەمە (لەبیر دەکات و ئەرشیفی دەکات، "**خاڵێک دادەنێت و دێتە سەری دێڕو لە سەردەشتەوە دەست پێدەکات** "و ئەم کارەیش کە دەبێتە ئاوەژووکردنەوەی رووداوە راستییەکانی مێژوو، ئەرکێکی ئاکاریی ئێمەیە زەنگێک بۆ هەموو ئەوانە لێبدەین کە مێژوو دەگۆڕن، چونکە مێژووی ساختە لە ئایندەدا زیان دەگەیەنێت، لەئێستایشدا هێمایە بۆ نائاگایی و فەرامۆشیی، ناتوانم بڵێم مەبەستی لەپشتەوەیە، بەڵکو کورد فێرن کە رابوردوو فەرامۆش بکەن یاخود پێیان فەرامۆش بکەن.

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

سەرچاوەکان :


وتاری: (لەنێوان"شاهید"و "نوسەر"دا) / بەختیار عەلی سایتی(ئاوێنە) رۆژ 2010/6/7

وتاری: (کوشتنی عەبدولستار شەریف، واتە: کوشتنی رابردوو) / سۆران مەمە حەمە سایتی(چاکنیوز) رۆژ 25/7/2008

وتاری:(دوعاو سۆران مامە حەمە .. ) / نەجیبە مەحمود سایتی(چاکنیوز) رۆژ 2008/7/26

کتێبی(وەرزی بێتاقەتی / (سۆران مامە حەمە سالّی چاپ 2008، پاش تیرۆرکردنی بلاّو بویەوە

وتاری(من وا رۆیشتم .. ) / سەردەشت عوسمان  سایتی(کوردستانپۆست) رۆژ 2010/5/3

http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=70460123

http://www.kurdocide.org/ku/news.php?readmore=2386

http://www.kurdocide.com/ku/news.php?readmore=2410

http://www.awene.com/DirejeyGoshe.aspx?Jimare=619